Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.15 00:18:19 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

## بۆ ڕای گشتی

## بەیاننامەی ئەنجامی یەکەمین کۆنفرانسی ڕێکخستنی ئەوروپای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ، کە وەك وەڵام و کاردانەوەیەکی زانستی و پێگەیشتوو بەرامبەر بەڕەوشی باشوری کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی لەبەهاری ٢٠٠٢دا بە فەرمی وەك پارتێك لەسەر ڕێبازی مانفیستۆی شارستانی دیموکراتی و بەمیتۆد و شێوازێکی هاوچەرخانە خۆی ڕاگەیاند ، ئەوەندەی بایەخی بەتێکۆشانی باشوری وڵات و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم دا ، هێندەش گرنگی بە خەبات و تێکۆشانی کوردانی دەرەوەی وڵات دەدات ، کە یەکانگیر لەگەڵ ناوخۆی وڵاتدا بەشێوازی جیاوازتریش بێت ڕووبەڕووی کێشەکان دەبنەوەو ، هەمان ئاستی بەرپرسیاریێتی چارەسەرکردنی کێشەکە دەکەوێتە ئەستۆیان .

هەر بە ماوەیەك دوابەدوای یەکەمین کۆنگرەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی باشوری کوردستان ، ، لە یەکێك لە ناوەندە سەرەکیەکانی تێکۆشان ، قۆناغی ئامادەکاری بۆ ڕێك خستنکردنی جەماوەر کرا . پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (پ چ د ك ) لە گۆڕەپانی ئەوروپاش لە ڕۆژانی ٤ و ٥ ی ئۆگستۆسی ٢٠٠٢ دا یەکەمین کۆنفرانسی ڕێك خستنی ئەوروپای ساز کرد و ، بە بەشداری زیاتر لە ٥٠ ئەندام و میوان چاودێر لە کەش و هەوایەکی دیموکراتیکدا ، مۆرکێکی تەواو نوێی بەخۆوە گرت ، وەك کراوەیی گفتوگۆکان و تاگەیشتنە ئەو ئاستەی کەچاودێران و میوانانیش مافی پێشنیارودەنگدان و خۆپاڵاوتنیان پێ درا .

ئەو سەدان هەزار کوردەی باشور کە پەنابەری ئەوروپا بوون ، خۆی لەخۆیدا ڕاستینەی نامرۆڤانەی سیستەمی ئۆتۆکراتی و بێ چارەیی هێڵی میلیگەرایی سەرەتاییە ، کە دەرفەتی ژیانی ئازادانە نادات و ڕێز لە ئیرادەی گەلان و تاکەکانی کۆمەڵگا ناگرێ و باوەڕ بوون بەگەیشتنە چارەسەری شیاو سەردەمیانەی کێشەکان دەشکێنێ و بێ هیوایی دەسەپێنێ . ئەوەش بەرپرسیارتیەکی مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەموو هێز و کەسە نەتەوەیی و دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکان چونکە تا ئەمڕۆ لەزەمینەی سیستەمی ڕۆژئاوادا کەڕەخساوی پێش کەوتنی گەلان و تاکەکانیشە ئەرکەکان جێ بەجێ نەکراون ، وەڵامێکی شیاوی خەبات وقوربانیەکانی وڵات نەدراوەتەوەو ، هاوبەش و هاوکاتی نەبووە ، لۆبی کوردی دروست نەکراوە ، ئاواکردنی دەزگا و دامەزراوەی نەتەوەیی و جۆراوجۆر هەنگاوی سەرەتایشی بۆ نەنراوە ، جەماوەر داکۆکی لە ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسی و کەلتوری خۆی نەکردووە و نەی ناساندووە ، لاوان لەنێوان دوو کەلتوردا زۆر لەو ڕۆڵە دوورن کەداینەمۆی چارەسەری کێشەکان بن ، لە کاتێکدا کە زۆربەی هەرە زۆری ژمارەی کوردانی پەنابەر پێك دێنن ، ژنان لە ئاستێکی نزمتریشدا بێت ڕووبەڕووی فشارو ستەمی فیودالی دەبنەوە کە جاربەجار بەکوشتنیش کۆتای دێت . دوای لاوان توێژی ڕۆشنبیران ،

هونەرمەندان و نوسەران کە وولآتیان بەجێ هێشتووە تەنانەت بەشێکی کەمی تواناکاریەکانیشیان وەگەڕ نەخراوە . ئەمانە و کێشە جیاوازەکانی دیکەش تێپەڕاندنی کۆسپەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان ، تێکۆشانێکی وای کردە پێویستیەکی ژیانی ودەست لێ بەرنەدراو .
کۆنفرانسەکەمان بەسور بوون وباوەڕیەوە ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت ئەوروپای بەر پرسیاری مێژوویی کێشەکەمان ڕووبەڕووی چارەسەر کردنیشی بکرێتەوە ، ئەمەش هاوکات ویەکانگیر لەگەڵ خەباتی ولآتدا . لە چەمك و تایبەتمەندی و شێوازی نزیك بوونەوەدا گۆڕەپانەکەمان کە گەلی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدا کۆبۆتەوە ، دەبێتە مەیدانی یەکەمینی یەك دەنگی و پێش خستنی چەمك و تایبەتمەندی و ڕۆحی یەکێتی نەتەوەیی بەر بە دەزگایی بوونی هاوچەرخ .

لەزەمینی یاسایی دا هەموو توێژە جیاوازەکان وەك هاوپشتی خەباتی شێلگیرانەی گەلەکەمان لە وولآت بۆ دیموکراتیزە کردنی سیستەم و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کورد ، لاوان وژنان و ڕۆشنبیران هتد . . دەزگا و ڕێك خستنی خۆیان ئاوابکەن و بیکەنە ئامرازی کاریگەر لەو پرۆسەیەدا . لایەنەسیاسی ، دیبلۆماسی ، پەروەردەو ڕێك خستن ، ڕاگەیاندن و زانستی و ئەکادیمیەکان تێروپڕ بکرێن لە چوارچێوەی بەردەوام بەگوڕ و گەورە کردنی تواناکاریەکانی خەباتدا کۆنفرانسەکەمان دەیان بڕیار و دەست پێشخەری کردووە .

ئاواکردنی کۆمیتەیەکی ئاشتی نەتەوەیی کە سەقامگیر کردنی ئاشتی لەباشوری وولآتدا بگرێتە ئەستۆ و دیالۆگێکی دیموکراتیانە بەڕێوەببات ، بە ئامانجی یەك دەنگی ویەك هێزی هەموو پارتیەکان . هەروەها مەحکوم کردنی و دەرخستنی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆری ئامادەکراو لەلایەن ئەوروپاوە ، کە تەواو پێچەوانەی هەوڵەکانی چارەسەری سیاسی و ئاشتیانەی کێشەکەمانە و پەیوەست بەمەش هەموو تواناکاریەکان بخرێنە خزمەت سەرخستنی دۆزی سەرۆکی نەتەوەیی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان بە ئەرکی هەنووکەی پڕ بایەخ لە قەڵەمدا .
بەم بۆنەیەوە بە بیرهێنانەوەی تەواوی ئەو ئەرك وبەرپرسیاریەی ئەکەوێتە سەر شانمان وەکو تاك و وەکو گشت ، لە قۆناغێکدا کە کوردستان بە گشتی و باشووری وولآت بەتایبەتی دوولایەنانە ڕەوتی بەر بە گەیشتنە ستاتۆیەکی فەرمی و بەهێز کە لە سیستەمی فیدرالیەتی ئەیالەتەکاندا خۆی نیشان دەدات ، هەروەها مەترسیەکانی لەدەست دان و لەدەست دەرچوونی پێشکەوتنێکی وا لە چواچێوەی گۆڕانکاریە بەپەلەکانی ئەم دوایە سووربوون وباوەڕیمان بەخۆمان و بەگەل وبەداهاتوو گەورەتر دەکات .

- سەرکەوتوبێت ڕێبازی شارستانی دیموکراتی .
- بەرز و شکۆدار بێت یاد و بیرەوەری شەهیدانمان کە بە ئەمڕۆمانیان گەیاندووین .

- پتەوتر بە کێتی ڕیزە کانی گەل .
- بژی عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی ئازاد .
- بژی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان .
- بژی سەرۆک ئاپۆ .

بەڕێوەبەری ڕێکخستنی ئەورووپای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان